**دەنگەکان :**

**یۆست هێلتەرمان لە( جینۆساید،هاوتاوانی،بێدەنگبوون)دا نیگەرانی ئەوەی هەبوو کە (سەدام حسێن) وەک (پۆڵ پۆت) لە خەوی شیرینیدا هەڵنەستێتەوە و لەسەر تاوانی ئەنفالەوە بۆ بەردەم دادگا پەلکێشی نەکەن و ئەو کێشەیە لەدەست بدرێ. گەرچی سەدام بە مەرگی پۆل پۆت نەرۆشت، بەڵام لە ڕووی کەیسی ئەنفالەوە هێنانی سەدام بۆبەردەم دادگا جیاوازییەکی ئەو تۆی لەگەڵ مەرگی(پۆل پۆۆت)دا نەبوو. پێتان وانییە مەرگی سەدام کار و ئەرکێکی زیاتری خستبێتە سەر شانی هەڵسوڕێنەرانی دژی جینۆسایدی کوردەوە بۆ ناساندنی ئەنفال وەک کردەیەکی دژی جینۆساید ؟**

## عومەر محەمەد:



لەراستیدا پێشبینیەکەی یوست هێڵتەرمان تەواو لەجێگەی خۆیدایە.. راستە صدام بەهۆی دۆسێی تاوانی دوجیلەوە راکێشرایە بەردەمی دادگاولەسێدارەشدرا، بەڵام لەراستیدا دادگاکە لە ئاستی تاوانە گەورەکاندا ماڵەی لەگەڵ تاوانباران نەکرد.. بەلای کەمەوە دادگای باڵای تاوانەکان 3 بەندی لە پەیمانامەی نێودەوڵەتی وەرگرتبوو، بەڵام سەرئەنجام وەکو دادگایەکی لۆکاڵی مامەڵەی لەگەڵ ئەو تاوانانەدا کرد، کە تاوانی لۆکاڵی نەبوون.. تاوانی ئەنفال‌وکۆمەڵکوژی دوجیل‌و دۆسێی کۆمەڵکوژی بەرزانیەکان‌وکیمیابارنکردنی شاروگوندەکانی کوردستان تاوانی نێودەوڵەتین.. ئەمجۆرە تاوانانە دەچنە خانەی جینۆسایدەوە هەرگیز ناکرێ وەك تاوانی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت‌و وەکو کێشەوگرفتی ناوخۆیی تەماشا بکرێن، چونکە ئەوەی لێرە لەلەگەڵ بۆچوونەکەی یوست هیلتەرمان یەك دەگرێتەوە ئەوەیە کە کێشەکە لەدەستدرا هەرچەندە صدام راکێشرایە بەردەمی دادگاولەچەند دانیشتنێکی تاونی ئەنفال بەشداربوو، بەڵام ئەو لەنیوەدا هەموو تاوانەکەی لەملی لابرا لەراستیدا ئەوە ئەو پەری بێدەربەستی‌و بێدەستەوسانی دادگەکەبوو، سەرەتای فەشەلێکی مێژووییە کەدواتر مەئاساتەکانی دەردەکەون..دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەکرا دادگایەك بێت بۆ دادگایکردنی بیری شۆڤێنیزمی عەرەبی‌و دەمارگیری نەتەوەکانی تریش لەعێراق‌و دنیای عەرەبی‌و ئیقلیمیدا، نەك بۆچەند تاوانبارێکی دیاریکراو لەدۆسێی دوجەیل‌وئەنفال چونکە هەردوو تاوانەکە بە هەموو پێوانە یاسایەکان دەچنە خانەی جینۆسایدەوە، دەبوایە دادگایکردنی ئەو چەند تاوانبارانە لەدادگای نێو دەوڵەتی بوایە.. یان سزاکان هاوشێوەی سزای نێودەولەتی بوونایە، چونکە پەیماننامەی نیودەولەتی 1948 رێگەی بەوەداوە دادگای ناوخۆ لە تاوانبارانی جینۆساید بپێچێتەوەو دادگایی تاوانبارانی جینۆساید بکات لەناوخۆی وڵات، ئەمە کێشەیەکی یاسایی لەسەرنیە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە لەبنەرەتەوە دادگاکە بۆ تاوانبارانی جینۆساید دانەمەزراوە تا چەند دۆسێیەکی تاوانی جینۆساید لەعێراقدا یەکلایی بکاتەوەو تاوانبارانی سزا بداو قوربانیەکان قەرەبوو بکاتەوە.

دادگای باڵای تاوانەکان لە سەرەتاوە باش هاتە ناوەو دواتر خراپ مامەڵەی کرد، خۆ لایەنی قوربانی هەرئەوە نیە کۆمەڵکوژکراوە، کۆمەڵکوژی یەکێکە لە جۆرەکانی جینۆساید، دادگاکە ئەو ئەرکەشی لەسەرشانە بریار لەچارەنوسی قوربانیەکان بدات. لە جۆرەکانی تری جینۆساید بپێچێتەوە، کورد هەر کۆمەڵکوژ نەکراوە تەنها لەبەرئەوە تاوانەکان ناچنە خانەی جینۆسایدەوە کە ژمارەی قوربانیەکان زۆرن، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەبەرئەوەی کۆی تاوانەکان لەدژی خەڵکی کوردستان جینۆسایدن، تاوانی جینۆسایدیش بە ژمارەی قوربانیان ناناسرێتەوەو ئەو مەسەلەیە لەبەرچاوناگرێت.. ئەگەر لەهەلەبجە 5کەسیش بکوژرابان تاوانەکە لەگۆرێ بوو.. چونکە نیازیش لە جینۆساید هەرتاوانە، واتە ئەگەر رژێمی بەعس کەسیشی لەپەلامارەکانیدا بەگازی کیمیاوی نەکوشتایە هەر دەچووە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە چونکە نیاز لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو کۆمەڵکوژیە، دەبوایە دادگای باڵای تاوانەکان هەر بریاری سزادانی تاوانبارەکانی نەگرتایەتە ئەستۆ، بەڵکو بریاری لەلێبوردنیش بخاتە بەردەمی دەولەتی عێراق..بەو مەبەستەی رەگەکانی توندوتیژی لەبنرا هەڵکێشێ. لێبوردن ببێتە ئەخلاقێکی دەولەت.

پێشبینیەکەی یوست هیلتەرمان هاتەدی، لەوەدا نەبێت کە صدامو یاریدەدەرەکانی چوونە بەردەمی دادگا، بەڵام دادگا چ بڕیارێکی دا؟ دۆسێی ئەنفال بەچ بڕیارێك کۆتایی دێت؟ هەرگیز ئەو خەونەی ئێمەو یوست هیلتەرمان هەیبوو نەهاتەدی، ئەگەرگریمانەی ئەوەش بکەین هەموو تاوانبارنی دۆسێی ئەو تاوانە لە سێدارە دران، دوای ئەوە چی دەبێت؟! قوربانیانی ئەنفالوکیمیاباران چی دەچننەوە، گەلی کورد وەکو گروپێکی جینۆسایدکراو چارەنوسی چی لێدێت؟ ئەو دەستکەوتانە چی دەبن کە لەدوای دادگای بای تاوانەکان بەرکورد دەکەون؟ خۆ مەسەلەکە هەر قەرەبووی مادی کەس‌وکاری قوربانیەکان نیە، بەڵکو قەرەبووی مەعنەویش بۆ گەلی کورد ئەرکی دەولەتی عێراقە. ئەمە هەم مەسەلەیکی یاسایی‌وهەم ئەخلاقیشە، بەرپرسیاریچتیەکە وەکو چۆن هەتا ئیستا ئەلمانیا لەبەرانبەر جولەکەکان ئیلتزامی پێوەدەکەن دەولەتی عێراقیش ئەو ئیلتزامەی لە ئەستۆیە.

بەڵام دوای ئەوەی تاوانبارنی ئەنفال لە سێدارە دەدرێن یان هەر سزایەکی تریان بەسەردا دەسەپێنێ دادگا چ بڕیارێکی تردەدات لەبارەی چارەنوسی کوردەوە.؟ بڕیاری لە سێدارەدانی صدام بە شێوەیەکی نا ئاسایی بەرێوەچوو..یاسا وەکو پێویست کاری لەسەر دۆسێی تاوانەکان نەکرد..ئەمە جگە لەوەی لە دۆسێکانی تر رزگاریانکرد، صدام لەبنەرەتەوە بۆ ئەوە داکۆکی لەخۆی نەدەکرد کە لە سێدارە نەدرێت..بەڵکو ئەو دەیویست وێنەی پاڵەوانێکی عەرەبمان پیشانبدات کە بە جورئەتەوە رووبەرووی بڕیاری لە سێدارەدان دەبێتەوە..لە سێدارەدانی صدام حسێن هیچی لادروست نەکردین.

دەوڵەتی عێراق لە سالی 1951 وە پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید ئیمزاکردووە، سەرانی بەعس باش دەیانزانی بەرلەوەی پێشیلی مافەکانی مرۆڤ بکەن پێشیلی واژۆی دەوڵەتی عێراقیشیان کردووە لەپەیماننامەکەدا. بۆیە چوونی صدام بۆ بەردەمی دادگا هیچی لە کێشەکە نەگۆری..تەنانەت بۆ جارێکیش دادگا ئەو پرسیارەی روبەروو نەکردەوە.. وەکو ئەوەی سنوربەزاندنی صدامو یاریدەدەرەکانی لە تاوانی جینۆسایددا کارێکی نۆرماڵ بووبێت..بەبروای من صدام ئەگەر بەشداری هەموو دۆسێکانی تریشی بکردایە سەرئەنجام وەکو ئێستا دەبوو..کێشەکە هەر لەدەست دەچوو.

سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیاری یەکەم، وای بۆدەچم لە دوای لە سێدارەدانی صدامەوە هەرکورد ئەرکی نەکەوتووەتە ئەستۆ بەڵکو کۆی مرۆڤایەتی ئەرکێتی بەبڕیارەکانو رەوتی بەرەو پێشچوونی دادگاکەدا بچێتەوە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی واژۆی پەیماننامەی نێونەتەوەیی دژ بەجینۆسایدیان کردووە، ئەوانەی پەیماننامەکەیان واژۆکردووە پێویستە رێز لە ئیمزای خۆیانبگرن..جگە لە کورد ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە کە لەم مەسەلەیە بێدەنگ نەبێت هەقە بەلای کەمەوە ئەو راستیە بزانێ بێدەنگی ئەوان لە سەدەی رابوردوودا کارەساتی گەورەی لێکەوتەوە، رێگەی بۆ ملهوریەکانی بەعس خۆشکرد. ئەوەی ئەوان لێی بێدەنگ بوون رەفتارو تاوانە گەورەکانی رژێم بوون، ئەو رژێمە سیاسیەی جگە لەخەڵکی عێراق بۆ هەموو دنیا رژێمێکی ترسناكو نهێنی ئامێزبوو، بەڵام ئەمە ئەگەر بۆ کۆمەلگەی نێو دەوڵەتی ئەرکێکی گشتی بوو بێت ئەوا بۆ خەڵکی عێراقو کوردستان زۆر تایبەتی ترە..چونکە ئیتر ئەرکی هەموو لایەکمانە بزانین چۆن رژێمێکی سیاسی لەسەرخۆ دەتوانێ کۆی گروپەکانی کۆمەڵگا بکات بەشەریکی تاونەکانی خۆی، بەپێچەوانەوە هەقوایە لەدوای رژێمی بەعسەوە خەڵکی عێراق بەگشتیو کورد بەتایبەتی لە خۆمان بپرسین: چۆن رژێمێکی تۆتالیتار لەبریارە تۆتالیتارەکانی پاشگەزبکەینەوە، خۆ تەنها صدامو بنەمالەکەی ئەنفالی کوردیان نەکرد، بەڵکو ئەو رژێمە هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقی لەو تاوانەوەگلاند.

دادگای باڵای تاوانەکان بە لە سێدارەدانی صدام جارێکی تر تۆوی توندوتیژی رشتەوە پێی وتین بریارەکان لەسەرەوە دەدرێنو چ پەیوەندوپابەندنین بە خەڵکانی دەرەوەی دەسەلاتەوە ئەمە سەرەتای دروستکردنەوەی نیزامێکی تۆتالیارە، بریاری لەسیدارەدانی صدامو جێبەجێکردنی لەماوەی 30 رۆژدا پرسیاری گرنگ هەڵدەگرن..ئەو بریارە گورزێکی دووسەرە بوو بە دۆسێکانی تری کورد ئەنفالو دوای ئەنفال کەوتن، سەرێکی گورزی شیعە مەزهەب بوو سەرێکی هی ئەمریکا بوو لە دۆسێی جینۆسایدیاندا لەعێراقدا، چونکە تاوانی جینۆساید تەنها بەوەوە ناوەستێ تاچەند تاوانبارێك بە سیدارەدان یان زیندانی هەتاهەتای سزا دەدەیت، بەلکو بەوە پابەندە تاچەند بریار لەدژی تاوانباران کۆمەلگا دلخۆش دەکاتو سەلامەتیان مسۆگەردەکات.. برینەکانی رابوردو سارێژدەکاو ئایندەت لا جوانتر دەکات. بەڵام ئایا دادگای باڵای تاوانەکان ئەمەی لەباڵاندایە؟ ئەوەی ئیستا دادگای باڵای تاونەکان لەدژی تاوانباران دەیکات بێدەنگکرنو هاوبەشیپێکردنی کۆمەڵگایە

لەهەنگاوەکانی دەوڵەتدا.. رشتنەوەی تۆوی توندو تیژیە لە کۆمەڵگادا وا لەخەڵکی دەکەن ئەگەر دادگایەك بریاری لە سێدارەدانی تێدا نەدرێت دادگایەکی لاوازە.. هەروەك پاساوەکانی لە سێدارەدانی صدام زۆر لاوازو بێبنەما بوون( ئەگەر لەسێدارەنەدرایە دور نەبوو صدام هەڵبێت؟؟!!) ئەو بریارەی دادگا لەمەر تاوانبارانی دوجەیل تەنها وێنەی چۆنێتی ملکەچکردنی کۆمەڵگامان لەبەردەم دەوڵەتدا بۆ دیاری ناکات، بەڵکو لەوەش واوەتر شەریککردنی کۆمەڵگایە لەهەڵەو کەموو کوریەکانی دەوڵەت ، ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت دادگاکە سەربەخۆیەو چ پەیوەندی بە ئەحزابو بریاری سیاسی پیاوانی دەولەتەوە نیە، بەڵام ئەمە دورە لە راستییەوەو ئاماژەکان بێتەمومژن. لەسەروەختی دەسەڵاتی بەعسیشدا هەروا خەڵکیان لە گەڵ تاوان راهێنا خۆ خەڵکی عێراق هەمووی هەر تاوانبارنەبوو خۆ بەملیونانی خەڵك قاتلو تالانچیو ئەنفالچی نەبوون.. ئەوە دەزگاکانی دەولەت بوون خەڵکیان لەگەڵ تیفکرینی حزب راهێنا.. دلرەقی بووە مانفیستی حزبو دواتر بەسەر کۆمەڵگای عێراقیاندا سەپاندو هەتا ئەمرۆش توندوتیژیو دلرەقی بووەتە کەلچەری خەڵك، هەروەکو کەنعان مەکیە لە کتێبەکەیدا دلرەقیو بێدەنگیدا دەڵێت: ( سەرەتا ترس پاڵنەری خەڵکی بوو بۆ ئەوەی بەروکەش خۆی بەهاوڕای بەعس بزانێت، بەڵام دواتر روکەش بوو بەهەقیقەت)، خەڵکی بەڕاستی بوون بەبەشێك لەدەزگاکانی دەوڵەتو بەشێوەی جۆراوجۆر بەشداریان لەبەهێزبوونو سەقامگیری رژێمی عێراقدا دەکرد. دواتر بەشداریان لە هەموو تاوانەکانی ئەو رژێمەدا کردو بوونەکارەکتەری مەرگدۆستو ئەنجامدەری تاوان. بەتایبەتی لە تاوانی ئەنفالدا نیوەی خەڵکی عێراقی تیوەگلا..

بەداخێکی زۆرەوە کورد نەك خۆی بۆ ئەو ئەرکە ئامادەنەکردووە بەڵکو تاکوئێستا هەربیریشی لێنەکردووەتەوە، دەبوایە کورد لە دوای ئەنفالەوە بەپلەی یەکەم کاری لەسەر دروستبوونو بنیاتنانی خۆی بکردایە، بەلای کەمەوە دەبوایە تیبکۆشی خەسلەتەکانی کۆمەڵگە دروستبکاتەوە، دەبوایە لە چەندین رەهەندەوە خۆێندنەوەی لەسەر ئەنفالوجینۆساید هەبوایە لە دوای دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە ئامادەکاری بکردایە بۆ دۆسێکان.. بەڵام بەبەرچاومانەوە هەموو خەمساردیەکان گوزەران.. ئەوەی بێخەم بوو کورد خۆی بوو..

ئەگەر کورد بخوازێت دەتوانێ لەداهاتووشدا کاری گرنگ بکات.. بەرلەهەرشتێك دەبێت ئاورێك لەمێژووی خۆی بداتەوە لە هەموو رەهەندەکانی جینۆسایدکردنی خۆی بروانێو لێی تیبگات.. بەداخەوە لە ئیستادا جگە لەناوەندی چاك هیچ لایەنێکی تری کورد بۆ بەفەرمی ناسینی ئەو تاوانە نەهاتوونەتە مەیدان.. ئەویش بە کۆمەلێك گرفتی کوشندەو بەدحاڵی بوونەوە بەجۆرێك فەوزاو هەڵای راگەیاندنەوە.. دەنا ئەگەر کورد یان رێکخراوێکی وەکو چاك بخوازیت دەتوانێ بە شێوەیەکی مەنهجیو بەبەرنامەیەکی رێكو پێك ، کار لەسەر تاوانی جینۆساید بکات، بەتایبەتی ئێستا کەوا حکومەتی عێۆاق روخاوەو سەرانی رژێمەکەش لەبەردەمی دادگادان، ئەگەرچی من گەش بینیم بەوەی دادگای عێراقی وەڵامی تاوانی جینۆسایدکردنی کوردی پێبدرێتەوە ،یان بیەوێ وەڵامی بداتەوە، چونکە سەربەخۆیی دادگای تاوانەکان لە ناوتەمو مژدایەو ئەو دادگایە گومانی ئەوەی لەلا نەرەواندوینەتەوە کە دەستێوەردانی تێدایە، بەڵام کە هەتاکو ئەمرۆش دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوانکارانی جینۆسایدی کورد دانەمەزراوە ، چ ئەوانەی ئێستا لەبەردەمی دادگادان، یان ئەوانەی هێشتا دوایان لەسەر تۆمارنەکراوەو داوا نەکراون، لەلایەن دادگاوە، ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کورد کێشەکەی دۆراندووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو دۆرانە دەکەوێتە ئەستۆی دادگای باڵای تاوانەکان، هەروەکو لە دوای راپەرینی ساڵی 1991وە رێکخراوی میدڵ ئێست وۆچ بۆ دادگایی کردنی تاوانبارنی ئەنفالو جینۆسایدکردنی کورد، سێ بواریان خستووەتبووە ڕوو. یەکەمیان دادگایەکی عێراقی بوو، کە لە هەلومەرجی ئەوسادا سەدام حوسێن ودارودەستەکەی لەسەر حوکم بوونو بواری جێبەجێکردنی نەبوو، دوای ئەوەش کە دادگای عێراقی دامەزراو سەرئەنجامەکەی بەم شێوەیە کەوتەوە، ئەوە ئەرکێکی گرانتر دەخاتە ئەستۆی کورد.. ئەمەش ئەگەرەکانی بواری دووەم بەتەواوی دەخاتە مەترسیەوە کە میدڵ ئیسست وچ خستبوویە روو ، ئەگەرەکەش ئەوەبوو کە هیوایەك هەبوو تا دادگایەك بۆ ئەم مەبەستە بە سەرپەرشتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوە یی ببەسترێت و گوێ لە بەشێك یان گشت ئەو تاوانکاریانە بگرێت کە دژ بەگەلی کورد ئەنجامدراون، لە سەر بناغەی ئەو بەلگەو شایەتیانەی لە لایەن دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێن. بەداخەوە ئەم دووئەگەرە نەهاتنە پێشەوەو ئەولێکۆڵینەیەش لەسەر تاوانی جینۆسایدکردنی کورد نەکراو هەموو ئەم ئومێدانە مایەپوچ بوونەوە.. وەك میدیل ئیست وۆچ رای گەیاندبوو، هەرئەو سەروەختە ئاوها پێشنیارێك لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرێتیی کلینتۆنەوە خراوەبووە بەردەستی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام هەر ئەو کاتە بەدیهێنانیشی جێی گومانی رێکخراوەکەبووە، چونکە وەك خۆیان پەنجەیان بۆ راکێشاوە ئەو مەسەلەیە پەیوەست بووە بە ڕاڕایی

سیاسەتی هێزە سەرەکیەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا. نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە مەبەست لە هێزە سەرەکییەکان، هەر ئەو هێزانە بوون کە کاتی خۆی لەگەڵ سەدامو دارودەستەکەی هاو سۆزبوون لە دژی ئێرانو هاوکاری جدی لۆجستی رژێمی عیراقیان دەکردو هاوسەنگی جەنگەکەیان رادەگرت، بەم هۆیەشەوە تاوانی ئەنفالوجینۆ ساید بەرۆکی خۆشیان دەگرێتەوەو بە شێوەی ناراستەو خۆ بە پێی یاساکانی دژی جینۆساید تاونبارن لە پاکتاوی رەگەزی کوردا.

سێهەم بواریش کە میدل ئیست وۆچ خستبوویە روو، دادگای یاسایی نێودەوڵەتییە *International Court of Justic (ICJ)* لە لاهای کە ئەم دادگایە بەشێکە لە سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و تایبەتە بەوەی کەکێشەو گرفتی نێوان وڵاتان چارەسەر بکات، ئەگەر پەیمانشکێنی یان پاشگەزبوونەوەیەك ڕوویدات لە ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیدا. ئەگەرچی کورد هەتاکو ئێستاش خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نیە، بەڵام بەسیفەتی ئەوەی جینۆساید کراوەو ئێستا بە شێکی حکومەتی عێراق پێك دەهێنێت، دەشێت دادگای لای های بەپێی لێکدانەوەو بۆچوونی مێدڵ ئێست وۆچ کە ئەو سەروەختە یوست هیلتەرمان کارەکتەرێکی گرنگی پرۆژەکەی میدل ئیست وۆچ بوو کێشەی کوردی عێراقیش لە گەڵ ڕێکەوتننامەی ساڵی 1951دا بەگونجاودەزانێت، سەبارەت بە قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید، یوست هیلتەرمان بۆچی؟ رایەکی لەو جۆرەی دەربریوەو ئەم هەنگاوە لەلایەن دادگای نیودەولەتی بە پێویست دەزانێ چونکە لەو رێکەوتنامەیەدا عێراق و نزیکەی 106 دەوڵەتی تریش تیایدا بەشداربوون. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە وا عێراق لەو سەروەختەدا دانی بە مافی دەسەڵاتی بریارەکە و حوکمدانی ICJدا ناوە بۆ گوێگرتن لە کێشەکانی جینۆسایدو رێگرتن لە ئەنجامدانی، ئەم خالە زیاتر پێویستی بە لەسەر وەستان هەیە، چونکە عێراق وەك دەوڵەتێك هەم بە پەیماننامەکە قایل بووەو هەم خۆشی پێشیلی کردووە، هەم ئەندامە لە کۆی ئەو وڵاتانەی جینۆساید قەدەغە دەکەنو هەمیش خۆی پێشیلکارەو جینۆسایدی بەشێکی ناوخۆی ووڵاتی کردووە کەبەگەلی کورد ناسراوەوبەشێکی سەرەکی پێکهاتەی عێراقە، تەنانەت لەسەروەختی ئەنفالو گەرمەی قەلاچۆکردنیشیدا دەستەواژەی گەلی کورد هەمیشە لە ئەدەبیاتی میدیای حزبی بەعسدا هاتووە، بە ڕای ئەو سەروەختەی میدڵ ئیست وۆچ کە هێشتا سەدامو داروودەستەکەی لەسەر حکوم بوون بۆیە لە راپۆرتەکەیدا بەم شێوەیە نوسیوێتی : ( ئەگەری ئەم ڕێگایەیان لەبارترە بۆ کێشەی ئەنفال. بەدواداچوونی ئەم بوارەیان ئەوە ناگەیەنێ کە واز لە بوارو ڕێگەکانی تر بێنین و پەکیان بخەین، ئەمانە دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن. ICJ، تەنها دەسەڵاتی دادگایی نێوان دەوڵەتانی هەیە نەك تاکە کەس، بەڵام بە پێچەوانەی بە هەڵە تێگەیشتنی گشتیی ICJ دەتوانێ سوودی پراکتیکیانە بە کوردی عێراق بگەیەنێ ـ بۆ نموونە داواکردنی ئیجرائاتی کاتیی پارێزگاریی (کە دەوڵەتێکی بەشدار یان بەشدارانی ڕێکەوتننامەی جینۆساید دەکرێ بۆ کورد بکەونە کار) یان داوای ئەوە بکەن کە حوکوومەت زەرەرو زیانی قوربانیەکان ببژێرێت.) ئیستاش بواری ئەوەهەیە لەبەرئەوەی هەم وەزعی عێراق ناجیگیرەو هەم ئەگەر حکومەتی عێراق دەستی بروا لە نیازە جینۆسایدیەکان پاشگەزنەبووەتەوە، بەڵام لەم خەمساردیەی ئیستای دەسەڵاتی سیاسی کورددا ئەم ئەگەرەش بواری کەوتنە سەرپێی بۆ نارەخسێ، مەگەر رێکخراوێکی وەکو ناوەندی چاك کە بەداخەوە ئەویش هێشتا تەرکیزی نەخستووەتە سەر ئەم خاڵە گرنگانەو تارادەیەکی زۆر بەکاری لابەلاوە خۆی سەرقاڵکردووەو هیزو توانای ئەندامەکانی خۆی وەکو پێویست نەخستووەتە گەر. ئەگەرچی ئەو ساتە وەختە (icj) ئەم هەنگاوەی نەنا تا وەك کێشەیەکی کاریگەر دژ بە عێراق و لە سوودی کورد بێتە ڕووداوێکی گەورەو بایەخدار لە یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیدا، ئەگەر بهاتاباو ئەم کارەی کردبایە بە دلنیاییەوە نەك کورد بەڵکو مافی مرۆڤ لە سایەی وەها بەدەنگەوەهاتنێکی نیودەولەتیدا دەچووە قۆناغێکی فراوانو ئاستێکی بەرزەوە، ئەگەر زیدە رۆیی نەکەم رەنگە بتوانم بڵێم کاریگەری لە سەر رەوشی ئێستای جەنگی تیرۆریش دەبوو، هەوەك مێدل ئیست وۆ لە راپۆرتەکەیدا نوسیوتی: ( بێگومان کێشەکە دەباتەوەو لە سەر بناغەیەکی ڕیالیستیانەو یاسایی بەهێز دەیباتەوە. بڕیارەکە گیان دەکاتەوە بەر ڕێکەوتننامەی لەگیانەلاّدابووی جینۆسایداو ڕێزی یاسای نێودەوڵەتی بەهێز دەکات و ڕژێمە ستەمکارو ملهوڕەکانی سەرانسەری جیهان وا لێدەکات کە هەڵوەستەیەك بکەن و دوودڵ بن لە بەرپاکردنی کاری لەو جۆرانە دژ بە گەلێکی کەمینە.)(⋆) بە داخەوە لە ژێر کارتێکردنی هەرپێنج دەولەتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش ئەو هەنگاوەی نەنراو هەتا ئەمرۆش جینۆسایدکردنی کورد، لەلای نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو دژی جینۆساید، لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی تەواویان لەبەردەستدایە نەبووەتە مەسەلەیەکی جدی، ئەوەشی کە لەدادگای باڵای تاوانەکان بەرێوەدەچێت دەردی گەلێکی جینۆسایدکراو تیمارناکاتو ئایندەی کوردستانو گەلی عێراق ناخاتە سەر سکەیەکی ئارامو ئاسایش، بەبیانووی دادگایی کردنی سەدامو

چەند تاوانبارێکەوە کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێ ئەنفالیان بۆ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەجێهێشتوەو بەمەش گەورەترین دەرفەتیان لە کوردو لەخۆشیان خەسار کرد. کە هەر ئەوسەروەختە دەکرا هەم ڕژێمی سەدام حوسینی پێراکێشنە بەردەمی دادگای نێودەولەتی و هەم دکتاتۆرەکانی داهاتووش بخەنە بەردەمی لێپرسینەوەو سنورێکی باشیان بۆ دابنێن، ئەمە جگەلەوەی کۆمەکی باشیشی بە عێراقی پاش دەسەڵاتی سەدام حوسین دەکرد.

ئەوەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەرکی خۆمان وەکو کورد ئێستاش ڕێکخراوی چاك پەیوەندی باشی لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دژ بە جینۆسایدو ریکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە پەیداکردووە، ئەگەر ئیرادەبکات، دەتوانێ کەڵکی باش لە راپۆرتەکەی مێدڵ ئێست وۆچ وەرگرێ‌و بچێتە ناو ئەو دۆسێیەوە، چونکە راپۆرتەکەی مێدڵ ئێست وۆچ دەولەمەندە بە چەندین دۆکۆمێنت‌و چاوپێکەوتنی مەیدانی لە گەڵ تاوانبارانی بەشداربووی روداوەکەو قوربانیانیش لە کوردستان . ئەمەوێرای هەر ناوەندی چاك کەیسێکی سەلمێنراوی دادگای شاری لاهای لەبەردەستدایەو جینۆسایدکردنی کوردی بەرەسمی ناسیوەو گەلێك مەسەلەی گرنگی تاوتۆێ کردووەو زۆربەشیانی ساغکردووەوەتەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە کوردوئەرکەکانێتی لە بواری کارکردندا بۆ ئاینده.

لەسەروەختی پێش روخانی ڕژێمی سەدام حوسیندا کارمەندانی ڕێکخراوی میدڵ ئیست وۆچ بە هاوکاری نووسەری عێراقی کنعان مەکیەو پیتەر گالبرەیت Peter Galbraith ی سیناتی ئەمریکی، کارێکی گەلێك پربایەخ‌و سودمەندیان بۆ ئێمەی کورد کردووە، کە بەداخەوە تاکو ئیستا ئیمە خۆمان دەرەقەتی ئەو جۆرە کارانە نایەین، ئەکەرچی ئەوان زۆر ئەرکیشیان لە کۆڵکردووینەتەوە، بەڵام هێشتا ئەرکی گەورەتر لەسەر شانی خۆمانە. خۆشمان بەم هەموو خەمساردی یەوە؟! رەنگە یەکێك لە کارە هەرەباشەکانی ئەوە بووبێت لەو سەروەختەدا کەوا لە لیژنەی پێوەندیەکانی دەرەوەیان، هاتوونەتە کوردستان‌و لەسەر ئەوبەڵگەنامانەی بەردەستکەوتبوون، گفتوگۆیان لە گەڵ حیزبە کوردستانیەکاندا کردووە، دیسانەوە هەر ئەوکاتە ناچارین بلێین بەرەی کوردستانیش کارێکی باشی کردووە کە رازیبووە بەوەی بەڵگەنامەکان بداتە ئەوان، تا لە ئاياری سالی 1992 دا نزیکەی چواردە تەن بەڵگەنامەیان لە کوردستانەوە بە تەواوی گواستووەتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەمەش بە دەسپێشخەریی میدڵ ئیست وۆچ بووەو لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا ماوەتەوە. دواتر لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سینات بەرپرسیاریی ئەو بەڵگەنامانەی گرتە ئەستۆو بە شوێنێکی سەلامەتی سپاردوون، ئەگەر دەڵێم بەرەی کوردستانی کارێکی باشی کردووە، زیاتر لەماڵوێرانی خۆمانەوە ئەو قسەیەدەکەم چونکە هیچ گومانم نیە لەوەی ئەو بەڵگەنامانە نەدەپارێزران‌و لە شەری ناوخۆدا دەفەوتان‌و دەکەوتنەوە بەردەستی حکومەتی سەدام حوسێن، هەروەك هەموو جل‌وبەرگی پاشماوەکانی ئەنفالکراوانی قەڵای قۆرەتوو لە شەری ناوخۆدا کە هێنرابوونەوە بۆشاری کەلار سوتێنران‌و لەناوچوون.. جگەلەوەش ئەگەر لای خۆمان بوونایە کەس نەیدەتوانی سودیان لێوەربگرێت، داداگایکردنی تاوانبار خەزرەجی لە دانیمارك‌و فرانس ڤان ئانرات لە هۆڵندا راستی ئەم قسەیە دەسەلمێنن، کە هیچکام لە دەسەڵاتەکانی کوردستان ئامادەنەبوون، هیچ بەڵگەنامەیەك بدەنە ئەو دووداگایە، لەکاتێکدا هەردوو دادگاکە لەسەر قەتڵ‌وعامی کوردبوون‌و لایەنی شکات کەریش هەر کوردبوون!! بەڵام گەیاندنی ئەو بەڵگەنامانەو گەیاندنیان بە شوێنێکی سەلامەت، توانی لە لایەن تیمێکەوە کە میدڵ ئیست وۆچ سەرپەرشتیی دەکرد، تاوتویێ زۆربەی ئەو بەڵگەنامانەبکرێت، ئەمە پاش ئەوەی سودیانلێوەرگرتن‌و گواستوویانەتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستن‌و شیکردنەوەیان. ئەگەر ڕێکخراوی چاك یان هەر ڕێکخراوێکی تر بتوانی پێشبکەوێ‌و بەهەماهەنگی لە گەڵ ئەم ریکخراوە، یان ڕێکخراوێکی لەم چەشنە بگاتە ڕێکەوتنێکی وا کە هەمئاهەنگی تێدابێ پێموابێ بێئەنجام نامێنێتەوە.

ئیستا کورد لە قۆناغی دوای صدام حسێن‌و حوکمی تۆتالیتاریانەی ئەودا دەژی ئەو دەرفەتەی لەبەردەمی کورد دایە هەنگاوە بەرەو پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ نەك قەڵاچۆکردن، ئەوەی ئەرکی حکومەتی نوێ عێراقە داوای لێبوردن‌و قەربووکردنەوەیەتی وەکو مێراتگری دەوڵەتی عێراق نەك قەڵاچۆکردنی، هەلبەتە هەتا ئێستا حکومەتی عێراق بە ئەرکی خۆی هەلنەستاوە، جگە لە راکێشانی تاوانبارانی سەرانی بەعس بۆ بەردەمی دادگا هیچ هەنگاوێکی ئەووتۆی نەناوە، کە ئەرکێتی هەم دوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات‌و هەم قەرەبووی قوربانیانیشی بکاتەوە، ئەگەرنا بەهەمان ئەو فۆرمە یاساییەی کە حکومەتی پێشوو لە دژی کورد ئەنجامی داوە

سـەبارەت بەئـەنفال‌و جینۆسـایدکردنی کـورد، دەکرێـت لـە لایـەن کـوردەوە دوای لەسـەر تۆماربکرێـت‌و راکێـشرێتە بـەردەم یاسـای نیونەتەوەیی.

**دەنگەکان :**

**ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پاش ڕاپەرینەوە تا ئێستا لە دەرەوەی مەوعیزە و گوتارە سیاسییەکان خاوەنی چ پرۆژەیەک بوونە سەبارەت بە ئەنفال، هاوکاتیش ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکرێ خاوەنی چ پرۆژە و ئاسۆیەک بێت لەو بارەوە ؟**

## عومەر محەمەد:

بە داخەوە رۆژنامەگەری کـوردی لـە دوای راپەرینـەوە ئـەوەی للـەلایان جێگـەی گرنگـی پێـدان نـەبوو ئـەنفال بـوو بەتایبـەتی رۆژنامەی حزبەکان.. هەرخوێنەرێك بیەوێ ئـەم راسـتیە بزانێـت، دەتـوانێ بگەرێتـەوە سـەر ئەرشـیفی راگەیانـدنی حزبـەکان دواتریش کە هاتوون باسیان لە ئەنفال کردووە، لە ژێر فشاری دەرکەوتنی رۆژنامەی ئەهلیدا بووە، یان ویستوویانە روگیرنـەبن لەبەرانبەر هەول‌و ماندووبونی ئەوکەسایەتیانەی لەدەرەوەی حزبەکان باسی ئەنفالیان بەگەرموو گوری هێنایە پێشەوە، ئەمـە جگەلەوەی زۆرجار تەنها وەکو روپامایەك لەیادەوەریەکانـدا قسەیانکردووە، ئـەویش وەکـو پێویـست نـەبووە بەدەگمـەن رێـك دەکەوێت رۆژنامەیەکی حزبی بابـەتێکی جدی لەسـەرئەنفال‌و کاریگەریـەکانی بڵاوکردبێتـەوە ئەوەشـی کـراوە یـان یـادەوەری بەپرسەکان بووە یان سنوری کۆمەڵێك قسەو دەستەواژەی شیاوی نەبەزاندووە. خـۆ باڵەوانـەش گـەرێین کـە هەنـدێکیان تـەواو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاننیان هەیەو هەرگیز لەبازنەی سور تەجاوز ناکەن.. لەو بروایەدام ئەگەر راگەیاندنی ئەهلی‌و ئـازاد نەهاتایەتە مەیدان باسکردنی ئەنفال دەبووە مەسەلەی دەگمەن لە رۆژنامەی کوردیدا .

دەنا ئەگەر بێتە سەر پرۆژە نەك رۆژنامەگەری تەنانەت رێکخراوەکانیش خاوەنی پرۆژە نین بۆ ئەنفال، ئەوەی هەیـەو کـراوە کۆمەڵێك کارن لە دەرەوەی رۆژنامەگەری کوردی‌و رێکخـراوی کـوردی بـووە، دەنـا کـورد خـاوەنی چـەند کتێبـی وەکـو نوسـەری عەرەب(کەنعان مەکییە)یـە خـاوەنی چـەند کتێبـی وەکـو راپۆرتەکـەی میـدل ئیـست وۆچـە؟! ئـەو کارانەشـی رێکخـراوی چـاك لەدەرەوەی کوردستان دەیکەن جگە لەکەمپینی کاتی چیدی نین‌و ئەمانە ناچنە خانەی پرۆژەوە. دەنا تـاکو ئیـستا گـەورەترین کارێك لەلایەن کورد خۆیەوە کرابێت دادگایکردن‌و سزادانی سەرمایەدرارە هۆڵندیەکـە بـووە، کـە بـە پـشتیوانی تـەواوی پـارتی ئیس پی بەسەرکەوتن گەیشت، کەچی لەوەشدا راگەیاندنی کوردی رۆڵی خۆی نەبینی، هەندێکیان چەواشەیانکردوو هەندێکیان هەرنەیاندەویست بسی بکەن.

بەڵام پێموایە راگەیاندنی کوردی ئەرکی گەورەتری لە ئەسـتۆیە دەبێـت جێبـەجێی بکـات نابێـت چـاوەروانی کەسـی دی بکـات، بەداخەوە ئەمرۆ لە کوردستان پارەو پولێکی زۆر لەراگەیاندندا خەرج دەکرێت بەڵام ئـەوەی تایبەتـە بەئـەنفال‌و جینۆسـایدی گـەلی کـورد لەهەژارییـەکی کوشـندەدا دەژی، ئەوانەشـی بـە بودجـەی حزب‌وحکومـەت دەردەچـن بەبارەکـەی تـردا هـەژارن، مەبەستم ئەوەیە هیچ ناڵێن‌وبلاو ناکەنەوە خزمەتی ئەو دۆسێیانە بکات.

دەکرێ رۆژنامەگەری کوردی یەکەم هەنگاو مەترسیەکانی جینۆسایدو ترسناکی ئەو تاوانە لەخەڵکی کوردستان بگەیـەنێ، ئـەو رێگە یاسایی یانەی پێنیشان بدات، کە ئایندەی بـۆ دەگێرنـەوە، سـەبارەت بـە پەیماننامەکانی مـافی مـرۆڤ‌و دژ بەجینۆسـاید کاربکەن.. چونکە ئەوەی پێش بە تاوانی جینۆساید دەگرن پەیماننامەکان‌و واژۆی ئەو وڵاتانە نـین، بـەڵکو ئـەوەی ئـەو تاوانـە بنە بردەکات.. نزیکبوونەوەیە لە پەیامی مرۆڤایەتی‌و ئاشنایەتی مرۆڤە بە خودی خۆی؟ ئەوەی ناهێڵێت جینۆسـاید روبداتـە تواناو لێهاتوویی ئینسانە لە ئازایەتیدا، نـەك پروپاگەنـدەی دیموکراسی، ئـەوە سـەرکردەکانن پلانـی قەڵاچۆکردن دادە رێـژن، بەڵام ئەوەی جێبەجیی دەکا خۆمانین هەر ئەو مرۆڤ گەلـەین، کـە دەکـرێ قوربـانیش بـین‌و جـەلادیش.. هـەموو ئـەم بەرچـاو ونیانە ئەرکی رۆژنامەوان‌و راگەیاندنەکانی کوردن.